# لەسەر هەناسە تەڵخەکانی ژیان نووسراوە

**بەرزان هەستیار**
**(کۆلن – ئەڵمانیا)**



تکایە خۆڵ لێرەدا مەڕێژە
با، بۆنت نەپرژێتە کۆڵان !
....
میزکردن لێرەدا
پیشەی ئەو مەستانەیە،
کەس گوێ بۆ نەغمەی شمشاڵی
ڕۆحی ڕەنگزەردیان شل ناکا
....
ئەم دوکانە گواستییەوە
بۆ کۆڵانە تەنگەبەرەکەی نەداری
....
تکایە قەرز نییە
بۆ کڕینی نیو هەناسەی بەختەوەریش
....
ڕاوەستان لێرەدا
بۆ عەرەبانەی خەیاڵە ئاڵوواڵاکان قەدەغەیە
....
تکایە وێر نییە،
با، هەر کەس بە برینی خۆی پارەی زەردەخەنەکانی بدا
....
ئەمە ئاوی خێرە،
خێری پاکبوونەوەی خەونەکانمان لە حەقیقەت !
....
ئەم خانووە بۆ فرۆشتن،
بە بێ کۆڵەکەی ئازار و
بێ خەزێنەی یادەوەرییەکان
....
تکایە بێدەنگی بپارێزە،
گۆڕستان بۆ پشوودانە
....
بە چاو سەیر کە و
بە دڵ ڕەحم بە لەت لەتبوونی حەوسەڵەم بکە، ئازیز
....
هاتنە ژوورەوە قەدەغەیە،
نەک دەرگا، پەنجەرەکانی دڵیش ژەنگ خواردوونی
دەستیان بۆ مەبە، با وەک بەختەوەریم هەڵنەوەرێن
....
ئەم کۆڵانە دەرناچێ،
لەو سەرەوە، ژیان بە قوڕی نائومێدی سواغی داوە
....
تکایە پاک و خاوێنی هۆڵەکە ڕابگرن،
کراسی سپی ئەم کۆنسێرتی ئازارانە لە ئەرز نەخشێ
....
تازە بۆیاخ کراوە،
ئەم دیواری بیرەوەرییە خۆشانە، بە زەهایمەر
....
تکایە ئەم شوێنە گیراوە
بۆ شەڕی نێوان عیشق و تەنیایی
....
ئەم دەرگایە داخراوە،
بۆت هەیە، لە کونی کلیلەکەوە
سەیری ئازارە قەدکراوەکانی سەر ڕەفە و
خەمە گرمۆڵەبووەکانی ژوور سەرم بکەیت
....
جگەرەکێشان قەدەغەیە،
دووکەڵی ئەو هەموو وێرانبوونەت، لەم ناوە بە خەسار مەدە،
با تا ڕۆژی حەشر دەعواچی نەبن لەسەرت
....
لە دوای خۆت دەرگاکە داخە،
هەرچیت لام جێهێشت،
با چاو لە دوت نەبێ، مەلعوون